# هووشیاری لە هەڵوێستدا

ئاسۆ شابان ، هۆڵەندا
٢٨ / ١ / ٢٠٠٥
a_shaban1@hotmail.com

ئەمرۆ لە میدیای هۆڵەنداوە ڕاپۆرتێك دەربارەی شێوەی هەڵبژاردنەکەی عێراق لە هۆڵەندا بڵاوکرایەوە ، لە ڕاپۆرتەکەدا باسی شوێنەکانی هەڵبژاردن و سەرجەم ژمارەی ئەو کەسانە کرا کە خۆیان ناونووس کردوە ، لە هۆڵەنداو دەرەوەی هۆڵەندا ، ژمارەی ئەو کەسانەی لە هۆڵەندا ناوی خۆیان نووسیوە ( ٢٩،٠٠٠ ) کەس دەبن ، ئەمەش نیوەی کەمتری سەرجەم ئەو عێراقیانەن کە لە هۆڵەندا دەژین ، لە سەرجەم هەموو ئەو عێراقیانەی لە دەرەوەی عێراق دەژینو لە نێوەندی ، ( ١٤ ) وولاتدا جێگیر بوون تەنها ( ٢٨٠،٠٠٠ ) کەس خۆی ناو نووس کردوە بۆ دەنگدان ، ئەمەش لە چارەك کەمتری ڕێژەی هەموو عێراقیەکانی دەرەوەی عێراقن ، بە پێی ئەم ڕاپۆرتەبێت ، زۆرینەی عێراقیەکانی دەرەوە دژی هەڵبژاردنن ، پەیامنێرەکە ووتی : (( لە دەرەوەی عێراق نارەزایەتیەکی بەر چاو دەبینرێت ، ئایا دەبێت لە ناوەوەی عێراق ئەم ژمارەیە چەند زیاتر بێت ؟! )) ، پاشان درێژەی بە باسەکی داو ووتی بەداخەوە ئێمە ناتوانین سەرژمێری خەڵکی عێراق لە ناوەوە بە دروستی بزانین چونکە هیچ جۆرە سەرژمێرێك پێش هەڵبژاردن نەکرا ، وە ئایا چەندە خەڵکیش دەچن دەنگ دەدەن ؟! ، بە داخەوە ناتوانین ئەمەش بەتەواوی بزانین ، ئەگەر بەم شێوەیەی دەرەوەی عێراق بێت ، ئەو هەڵبژاردنە ، ئەنجامەکەی دروست نابێت ، تۆ هەڵبژاردنێك دەکەیت کەزۆرینە دژن پێی ، پاشان هاتنە سەر ئەوەی پرسیار لە هەندێ خەڵکی هۆڵەندی بکەن لەم بارەیەوە ، جوانترین وەڵام کە گوێم لێ بوو ، وەڵامی خانمێکی کارمەند لە بەشی کاروباری کۆمەڵایەتی بوو ، ووتی : (( بە دڵنیاییەوە مادام زۆرینە دەنگ نادەن کەواتە نارەزایەتیەکی جەماوەری دژی ئەم هەڵبژاردنەیە ، ئەمەش بە ڕای من جۆرێکە لە هووشیاری سیاسی ، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە لە خزمەت خەڵکی عێراقدا بێت ، ئەوا زۆرینەیان دەچوون ، ئەوان تاقیکردنەوەی سیاسیان زۆرەو بۆیە دەزانن ئەم هەڵبژاردنە ، لە خزمەت داهاتووی ئەواندا نیە )) .

بێگومان هووشیاری سیاسی کاریگەری خۆی هەیە لە بنیات نانی داهاتووی سیاسیو ئابووری وولاتێکدا ، ئەگەر خەڵك توانای ئەوەی هەبێت لەو وولاتەدا خاوەنی دەنگو ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆی بێت ، لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتو توانایان هەبێت لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی و ئابووری وولاتەکەیاندا بەشدار بن ، بە داخەوە لەم کاتەدا بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابووری خۆرهەڵات بە شێوەیەك دەچێتە ڕێوە ، کە لایەنی کەم خەڵکی لە بچووکترین مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەشنو هەژاریو نەداریەك بەرۆکی گرتوون ، کە

سەریان ناپەرژێتە سەر ئەوەی بژێوی ژیانی خۆشیان مسۆگەر کەن ، هەڵبەت هووشیاری سیاسیش پابەندە بە گەشەی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە ، ئێمە هێشتا لەم بوارەدا زۆرێك لە دواوەین ، دەسەڵاتدارانی سیاسی کوردستان ، هەر وەك هەمیشەیان ، بە درۆ کردن کێشە سیاسیەکانیان چارەسەر دەکەنو لایەنی کەم وەك مرۆڤێکیش ڕێز لە خەڵکی کوردستان ناگرن ، لە هۆڵەندا لە نێو دانیشتوانە کوردەکەیدا هەندێ پڕوپاگەندەیان بڵاو کردۆتەوە بۆ ئەوەی بچن بۆ دەنگدان ، بەداخەوە زۆر لە هاووڵاتیانی کورد گیرۆدەی ئەم درۆیانە بوونو خۆیان ناو نووس کردوە ، ئەویش (( بەڵێنی پێدانی پارچەیەك زەوی لە کوردستان بۆ ئەوەی دەنگ بدات ، یان ئاسان کردنی هەر جۆرە کارێك کە پەیوەندی یاسایی بە هۆڵەنداو کوردستانەوە هەبێت ، بە مەرجێك پسوڵەی دەنگدانەکەیان بۆ هەمیشەیی هەڵگرن )) ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هووشیاری سیاسی چەندە گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین ، داهاتوویەکی گەش بنیات بنێین ، دەنگدانێك کە هەر لە سەرەتاوە بە بەرتیلو چەواشە کردنی خەڵکی بچێتە ڕێوە ، بەدڵنیاییەوە ئەنجامەکەشی لە سەرەتاکەی خاوێن تر نابێت ، ئەوەی کەلێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە ، کە خەڵکی کوردستان تاقیکردنەوەیەکی چەند ساڵ لەمەوبەریان هەیە ، دەبوایە ئەوان زۆر ڕاشکاوانە تر دژ بەم گەمەیە هەڵوێستیان وەرگرتایە ، ئەوان لە تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی کوردستان چیان دوریەوە  لە نەهامەتیو شەری ناوخۆو کوشتنو برینو بێکاری زیاتر نەبێت ، سەرانی سیاسی کوردستان چەندە ڕێزیان لە هەڵوێستی سیاسی خەڵکی کوردستان گرتو هاتنە پای ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە ڕاستگۆیانە بڵاو بکەنەوەو بە ئەنجامەکەی ڕازی بن ، سەرانی کورد چۆن پێش هەڵبژاردن دەسەڵاتیان دابەش کردبوو لە نێوان خۆیاندا ، پاش هەڵبژاردنیش هەمان شت بوو ، بێ ئەوەی کەسێك بتوانێت ئەم نمایشەی ئەوان هەڵوەشێنێتەوە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا خاڵێکی لاوازە لە ئاستی هووشیاری سیاسی مرۆڤی کوردو ئامادە نەبونێکی بەرچاوی خەڵکی ئەو ووڵاتەیە لە گۆرانکاریە سیاسیەکانداو ملدانێکی شەرمنانەیە بە هۆشی بیرۆکەی بۆرژوای کورد ، لە ژێر ناوی نەتەوەو نەریتی باوو بیروڕا ئاینیەکاندا ، جێی خۆیەتی کە باسی هەڵوێستی سۆسیالیستەکانو ڕۆشنبیرانی کوردستانیش بکەین ، کە بەپێی توانا لەم بوارەدا هەوڵی خۆیان داوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەتوانراوە ئەم هەوڵانە بکرێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری زیندوو ، بۆیە تەنها زیاتر ڕووی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گرتۆتەوەو نەبۆتە ئەڵتەرناتیڤێك لەبەرامبەر سیاسەتی باووی دەسەڵاتدارانی کوردستانو دروستکردنی هێزێکی جەماوەری زیندوو بۆ ڕێگرتن لە هەر جۆرە سیاسەتێك یان گەمەیەکی سیاسی کە داهاتووی ئەوان بۆ هەمیشەیی لە چاوەروانیدا بهێڵێتەوە .